# گۆڕانە سیاسیەکان پێگەی کورد بەهێزتر دەکەن

**بەهرەوەر مەرزانی**



عێراق ئەو وڵاتە پڕ لە مەرگەسات و نەهامەتیەی بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی, گۆڕەپانی خوێن رشتن بووەو بەردەوام دانیشتوانەکەی بەگشت چین و توێژو نەتەوەو پێکهاتەکانیەوە دووچاری شاڵاوی قەتل و عام کردنی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بۆتەوەو ئازادی بۆتە تاکە ویست و داوای نەتەوە ژێر دەستەکان و گروپ و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان, بەڵام هیچ کام لەرژێمەکانی ئەو وڵاتە ئەو مافەیان نە بەخەڵکی کوردستان و نە بەخەڵکی عێراقیش رەوا نەبینیوەو لەبەرامبەردا بەئاگرو ئاسن کەوتونەتە وێزەیان و هەوڵی سەرکوتکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلانی ئەو وڵاتەیانداوە بەتایبەتیش گەلی کورد.

دوای روخانی رژێمی بەعس کەشێکی لەبار هاتە پێشیٚ بۆ ئەوەی گەلانی عێراق هەموو بەیەکەوە بتوانن ئەو ئاسەوارە بسڕنەوە کە دەیان ساڵ بوو لەلایەن رژێمە شۆڤێنیەکانەوە بەسەریاندا سەپابوو, بەڵام رق و کینەو کۆنە ناکۆکیەکانی نێوان شیعەو سونەو گروپە توندڕەوەکانیان ئەو دەرفەتەی بەشێوەیەکی تر و بەرەو ئاقارێکی تر برد دوای ئەوەی ناکۆکیەکان لەنێوان هەردوولا زیاتر بون و جارێکی تر ئەو وڵاتە کەوتەوە دەست قەدەری نێوان گروپەکانی سوونە مەزهەب کە بەدرێژایی مێژووی عێراق دەسەڵاتیان گرتبووە دەست لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە شیعەکان کە پشت بەهێزوو تواناى زۆرینەیی دەبەستن لەعێراقدا ئەو وڵاتەیان خەڵتانی خوێن کردەوە لەپێناو دەسکەوتنی پشکی شێر لەنیشتمانێك کە بەدرێژایی مێژووی خۆی جێگەی کوشتن و لەناو بردنی مرۆڤەکانی بووە, ئەمانە هەموو وایان کرد پێگەی سیاسی ئەو وڵاتە هێندە بێهێزبێت نەك گروپ و لایەنە سیاسیەکان تەنانەت حکومەتیش نەتوانیٚ بەسەر قەیرانەکاندا زاڵبێت و کار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی داتەپیوی وڵات بکات کەشەڕی خوێناوی نێوان شیعەو سونە, شیعەو شیعەو قاعیدەو گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان هێندەی تر وێرانترو کاولتریان کرد.

ئەو سنورە دەستکردوو بەزۆر داتاشراوەی نیشتمان و نەتەوەکانی لەو وڵاتەدا کۆکردۆتەوە هۆکاری سەرەکی دروست نەبوونەوەی دەوڵەتی عێراقە کە داگیرکەران بەبیٚ ویستی دانیشتوانەکەی و لەبەرژەوەندی خۆیان بەیەکەوەیان ناوەو تا بەئەمرۆش دەگات هەر یەك لە ئەمەریکا کە خۆی بەباڵادەستی سەر جیهان دەزانێت و وڵاتە ئیقلیم یەکان دەیانەوێت باڵادەستی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و ئەو وڵاتە بکەنە گۆڕەپانی ململانێی نێوانیان لەپێناو دوور خستنەوەی شەڕ لەوڵاتەکانیان و سەرقاڵکردنی ئەوەی تریان بەکێشەکانی نێو ئەو وڵاتەوە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەقەد هەموو هێزە سیاسیەکان بەو ولاَتەوە ماندوو بووەو جگە لەئەرکی سیاسی و بنیادنانەوەی ولاَت هەمیشە ئەرکی ناوبژیوانی نێوان گروپ و لایەنە سیاسیەکانی عێراقیشیان کردووە کە تا ئێستاش بەردەوام لەململانێدان, هەموو ئەوانە کاردانەوەی باشیان لەسەر ئاستی نێو خۆیی و دەرەوەشدا هەبوو لەگۆڕانی سیاسەتی ولاَتان بەرامبەر کێشەی رەوای گەلەکەمان, سەردانەکەی دیك چینی بۆ کوردستان و گۆڕانی رای گشتی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بەحکومەتی کوردستان و پێدانی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەسەرۆکی حکومەتی کوردستان و پێشوازی لێکردنی لەلایەن سەرۆك و بەرپرسە بالاَکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کردنەوەی کونسولگەری ولاَتانی ئەوروپا لەهەولێری پایتەخت بەلَگەی زیندووی گۆڕانی سیاسەتی ولاَتانە بەرامبەر بەکێشەی گەلەکەمان کە هەموو ئەمانەش پێگەی سیاسی گەلی کورد لەعێراق و ناوچەکەدا بەهێزتر دەکەن., بەمەش گەلەکەمان لەئایندەیەکی نزیکدا دەتوانێ هەموو ئەو گرێ کوێرانە بکاتەوە کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم کێشە نەتەوەییەکانمان و گەلەمان بەتەواوی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی شاد دەبێت کە دەیان ساڵە لەپێناویدا خەبات دەکات و بەهەزاران قوربانیشی لەو رێگەیەدا بەخشیوە.

Bahrawar_s@yahoo.com